# بارودۆخی بزووتنەوەی کرێکاریی لە باشووری کوردستان و چۆنیەتی هەلومەرجی کریکارانی کۆچبەر

**وتووێژی ماڵپەڕی "یەکگرتووی کرێکاری" لەگەڵ کاک "عەتا ڕەحمەتی" سەبارەت بە بارودۆخی بزووتنەوەی کرێکاری کوردستانی عێراق و هەروەها سەبارەت بە وەزعی کرێکارانی کۆچبەر(موهاجیر) لەم وڵاتە.**

**پ: ئێوە کرێکاری سەربە کوردستانی ئێرانن، هۆی چیە کە ئێستا لەکوردستانی عێراق کار دەکەن؟**

و: سەرەتا سوپاس بۆ ماڵپەری"یەکگرتووی کرێکاری" بۆ ئەوەی بایەخ بە کرێکاران بەشێوەی گشتی و کرێکارانی کۆچبەر لە کوردستان(عێراق) ئەدات،لە وەڵامی پرسیارەکەتاندا ئەبێت بڵێم کە بوونی من لە کوردستانی عێراق وەکوو کرێکارێک هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هۆی هاتنی من بۆ ئێرە کە ئەویش ئەوە بوو کە من لە درێژەی خەبات کردن بۆ ژیانێکی باشتر و دونیایەکی باشتر خۆمم لە نێو کۆمەڵەدا بینییەوە کە ئەویش ئامانجی پێکهێنانی دونیایەکی باشترە. بەڵام دوای زیاتر لە 6 ساڵ خەبات کردن لەچوارچێوەی سازمانیدا، بەهۆی هێندیک کێشەی تایبەت بە خۆمەوە چوومە دونیای کارەوە وەکوو هەموو کرێکارانی تر کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانەوە هاتوونەتە ئێرە و خەریکی ئیش و کارن.

**پ: بەگشتی ژیانی کرێکاران و بەتایبەت کرێکارانی کۆچبەر(موهاجیر) لەم وڵاتەدا چۆنە؟**

و: هەروەک بۆ خۆتان دەزانن بەهاتنی داگیرکەران بۆ ئەم ناوچەیە و داگیرکردنی عێراق، کوردستان لەزۆر بواردا کەوتە ژێر کاریگەریەوە وئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هات، یەکێک لەم ئاڵوگۆڕانە ئەوەبوو کەئەم ناوچەیە(کوردستان) کە هێشتا ئاسەواری شەڕی پێوە دیاربوو ولەماوەی چەندساڵ دەسەڵاتی خۆیدا کارێکی وای بۆنەکرابوو، لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە وەخۆکەوتن ودەستیان دایە ئاوەدانکردنەوەی و ئێستا چەند سەرکەوتوو بوون یان نا لەجێی خۆی، بەڵام لەزۆر بواردا ئەم ناوچەیە گۆڕانی بەسەردا هات کە دەتوانین چەند نموونە بکەین ئەویش دروستکردنی خانوو= شەقام و ڕێگاوبان= سەیرانگا و... هیتد. بێجگە لەمەیش بەهۆی ئاسایش و ئەمنیەتێک کە بەنیسبەت ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە لێرە هەبوو زیادبوونی هۆتێل و ڕیستووران بۆ حەوانەوەی خەڵکێک کە ڕوودەکەنە ئێرە. ئەم چەند نموونەی کە بۆتانم باسکرد و زۆر شتی دیکەش کە مەجالی باس کردنیانم نیە هەمووی لەسەرشانی کرێکار جێبەجێ بووە و ئێستاش هەر لەسەرشانی ئەوانەوەیە، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم کرێکارانە هەژارانی ئەم وڵاتە پێک دێنن کە ڕادەی هەژاری لەکوردستان65%ە. ژیانی کرێکاران لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، کە بەداخەوە زۆربەیان لە ماف و بەشی خۆیان ئاگادارنین، و ئەم نەبوونی زانیاریە سەبارەت بە مافەکانیان هەلێکی زۆرتری ڕەخساندوە بۆ چەوساندنەوەیان لەلایەن خاوەنکارەوە. هەروەها ئەوەشتان بۆ باس بکەم کە کرێکار

لێره بەرانبەر مووچەیەکی کەم کاردەکات لەحالێکدا بژێوی ژیانەکەیشی زۆر گرانه، یانێ ئەوەی کە کرێکارێک وەکوو حەق دەست وەری دەگرێت بۆ بژێوی ژیانی تاکێکیش کەمە بەڵام خۆ کرێکار تەنیا بۆ بژێوی خۆی نیە کە کار دەکات، بەڵکوو لێره بژێوی ژیانی بنەماڵەی چەند کەسیشی لەسەره و ڕۆژ بەڕۆژ نە تەنها کارکردن ژیانی باش ناکات بەڵکوو هەروەک دەیبینن هەژاری و نەهامەتی زۆرتر ڕووی تێدەکات و ئەم بنەماڵە کرێکارانە منداڵەکانیشیان لەسەر ناچاری و هەژاریەوه ڕوویان کردوەتە بازاڕی بێ ڕوحمی کار، ئەم هەلومەرجەی ژیانیان لەلایەک کە من زۆر بەکورتی باسم کردوه، لەلایەکی دیکەشەوه زۆربەی ئەم کرێکارانە یانی زۆرتر له90% یان لەشوێنی کاریان هیچ جۆره گەرانتی و ئەمنیەتێکی کاریان نیە و ڕۆژانە دەیان کرێکار لەشوێنی کارەکەی بریندار دەبێت، تووشی نەخۆشی دەبێ و هەروەها هەندێک جار بەداخەوه گیانیان بەخت دەکەن، هەروەها لێره هیچ جۆره بیمەیەک نیە بۆ کرێکار یان گەر کرێکار لەشوێنی کارەکەی و بەهۆی کارەکەیەوه تووشی بەڵایەک هات ئەوائیدی تەواوی ژیانی دەکەوێتەمەترسیەوه، ئەمە نەتەنیا ژیانی خۆی بەڵکوو ژیانی بنەماڵەیەک، ئەم شتە کەمانەی کە بۆتم باسکرد تەنها گۆشەیەکە لەهەلومەرجی کرێکاران بەگشتی، بەڵام سەبارەت بەکرێکارانی کۆچبەر و هەلومەرجی ژیانی ڕۆژانە و ژیانی کاری یان بەداخەوه لەوه خراپتریشە و کرێکاری کۆچبەر لێره پێکهاتووه له کرێکارانی ئێرانی، سووریەی، تورکی، کە زیاتر له80%یان کوردن و هەروەها کرێکارانی بەنگالی، نیپالی و بەشەکانی دیکەی عێراقیش کە لەژێر سایەی ئەوەوه بۆ کارکردن دێنە ئێره بێجگە لەمە له وڵاتانی دیکەشەوه وەکوو کووریا و چین و ئەڵمانیا و هیتدەوه... هەن لێره کە هەلومەرجی ئەوجیاوازتره له بەشەکانی تر بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەمانە بەنێوی کۆمپانیا دێن و هەر کۆمپانیایەکیش له وڵاتی خۆیەوه کرێکار دێنێ وجۆرەگەرانتیەکی لەبەرانبەر بەکارکردنیان لێره هەیە، بەڵام بەشەکانی تر جیا لەو گرفتانەی کە بەشێوەی گشتی بۆتانم باسکرد، لەگەڵ زۆر گرفتی تردا ڕووبەڕوون کە هەوڵ ئەدەم بەشێک لەوگرفتانەتان بۆ باسبکەم، پێش هەمووشتێک ئەوه بڵێم کە ئەم کرێکارانە کە بەشێکیان کە لەوڵاتانی تورکیا و سووریا و ئێرانەوه لێره سەرقاڵی کارن زۆربەیان جیا لەوەی هەژاری و نەداری ناچاری کردوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن زۆربەیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیاندا کێشەیان هەیە و بەواتایەکیتر سیاسین. جیا لەپێناسێک بەبێ هیچ مافێک لێره دەژین، هەروەها هەر وەک ئێوەش دەزانن لەوڵاتانی ترەوه ئەگەر هەژاری و نەداری نەبێ مرۆڤ بەئاسانی ماڵ و حاڵی خۆی بەجێ ناهێڵێت و بەدوای تیکە نانێکدا ئەم شار و ئەوشار و ئەم وڵات و ئەو وڵات ناکات. ئەم کرێکارانە کە هۆی هاتنیان ڕوونە بابزانین لێره جیا لەو گرفتە گشتیانە لەگەڵ چی ڕووبەڕوون. پێش هەمووشتێک ئەم کرێکارانە گرفتی خانوویان هەیە، لەو هەموو شوێنە کە بۆتانم باسکرد ڕۆژانە کرێکار دێت بۆ ئەم وڵاتە و زۆربەشیان بەشێوەی ڕەسمی دێن بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی ئێره بەرنامەیەکی بۆ هەبێت بێجگە لەوەی دەزانێت کە مەجالی چەوساندنەوەیان زۆرتره، هەروەها هۆی هاتن و ئەو هەموو کرێکاره کە هاتوونەتە ئێره مەجالی چەوساندنەوەیانی گەلێک زۆرتر کردوەتەوه بەڕادەیەک کە هەرجۆره ناڕەزایەتیەکی کرێکار بەرانبەر خاوەن کار دەبێت هۆی لەدەستدانی کارەکەی. کرێکارێک کە بۆ دەست خستنی پارویەک نان بۆ خۆی و بنەماڵەکەی لەبەنگال و ...هیتدەوه ڕووی کردوەتە ئێره و بە هۆی ئەو هەموو بێکاریەوه کە هەیە ناچاره کۆیلەیانە کاربکات و نقیشی دەرنەیەت، هەروەها کرێکاری خودی وڵاتیش کە دەزانێت هەرجۆره ناڕەزایەتیەک بێکاربوونی لێدەکەوێتەوه و کرێکارێکی کۆچبەر بەهەرزانتر جێگاکەی

دەگرێتەوە، جیالەمانەش بەهۆی کلتووری دواکەوتووانەوە کە لەم وڵاتەدا زۆرباوە کرێکارانی کۆچبەر دەکەونە بەر هەموو جۆرە سووکایەتی و بێ ڕێزیەکەوە.

**پ: ئایا جیاوازیەک لەنێوان کار و ژیانی کرێکارانی کوردستانی ئێران و عێراقدا هەیە؟**

و: لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا کورتەیەک لەژیانی کرێکاری کۆچبەر و بەگشتی کرێکارانم بۆ باسکردن، هیوادارم وەڵامی ئەم پرسیارەشی تێدابێت و جیاوازیەک کە زۆرتر بەچاوە ولەوانەیە لەپرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێنەکردبێ ئەویە کە مانەوەی کرێکاری ئێران لێرە ئاسان نیە و کێشەی ئیقامە و نیشتەجێبوونی هەیە.

**پ: لەکوردستانی ئێراق، ئایا شتێک بەناوی یاسای کار هەیە؟ ئەگەر هەیە، چەندە لەمافی کرێکاران داکۆکی دەکات؟**

و: ئەوەی ڕاستی بێت شتێک بەناوی یاسای کار هەیە، بەڵام ئەوە بڵێم کە ئەم یاسایە، یاسایەکە کە چەند دەیە لەمەوپێش لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیەوە نووسراوە و تاجێگایەک کە من ئاگادار بم هەنووکەش هەم لەعێراق و هەم لەکوردستان بەو یاسایە کار دەکرێت، هەرچەندە ئەم یاسایە بەرگری لەمافی کرێکار دەکات و شتی باشیشی تێدایە بەڵام بەداخەوە تەنها نووسراوەیە و لەکتێبخانەکانەدا دانراوە دەنا لە هیچ کارگە و شوێنێکی کار لەکوردستاندا ئەم یاسایە کاری پێناکرێت و لەواقیعدا نەک هەرئەم یاسایە بەڵکوو هیچ یاسایەکی کار لێرەدا نیە و هەرخاوەن کارێک بەپێی یاسای خۆی مافی کرێکار ئەدات.

**پ: ئایا یاسای کاری کوردستانی ئێراق، بەشێکە لەیاسای کاری حکومەتی ناوەندی لەعێراق یان سەربەخۆیە؟**

و: بەڵێ هەر هەمان یاسایە و خۆی یاسای کاری سەربەخۆی نیە.

**پ: کرێکارانی کوردستانی عێراق، ڕێکخراوی سەربەخۆیان هەیە یان ئەوانیش وەکوو کرێکارانی کوردستانی ئێران بێ مافن؟**

و: زۆر بەداخەوە نەک تەنیا ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان نیە بەڵکوو زۆر کەم ئەو کرێکارانەی کە هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان بدەن هەرچەندە لەگەڵ هەر کرێکارێک ئەم باسەی لەگەڵدا بکەیت زۆری پێخۆشە و خوازیاریەتی، بەڵام ئەوەی کە بێت و قۆڵی لێهەڵبماڵێت و دەست بداتە ئەم کارە کە سەکەوتنی تێدا مسۆگەر دەبێت و کاتێک دەتهەوێت ئەم خەیاڵە بەکردەوە دەربێنی ئەوا کرێکار لەترسی زۆرشت سڵی لێ دەکاتەوە و بەداخەوە ئێمە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کرێکاریمان کە کرێکاران بتوانن پشتی پێ ببەستن، نیە. هەرچەندە ئەمە بەو مانایە نیە کە هەموو کەس وابێت، بەڵکوو لە گۆشە و کەنارەوە جۆرێک هەرچەند کەم بەڵام دڵخۆشکەر هەیە بۆ ئەوەی کرێکاران و دڵسۆزانی کرێکاران لەداهاتوودا بتوانن ببنە خاوەن ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خۆیان، لەوەڵامی بەشێ دووهەمی پرسیارەکەتاندا دەمهەوێت بڵێم کە من سەرەڕای بێ مافی و زوڵم و زۆرێک کە کرێکارانی کوردستانی ئێران دەیکێشن بەهۆی پێگەیەک کە کۆمۆنیزم لەکوردستانی ئێران هەیەتی کرێکاری کوردستانی ئێران هوشیارتر و چالاکترن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی

خۆیان و بەخۆشحاڵیەوە ئێمە شاهیدی دەستکەوتەکانی هەین وتارادەیەک ئەم بزووتنەوەیە کاریگەری هەیە لەسەر ئەم بەشە لەکوردستانیش.

**پ: خەباتی چینی کرێکاری کوردستانی عێراق، لە چ ئاستێکدایە؟**

و: ئەگەر بەوەڵامێکی کورت پێتان بڵێم لەڕاستیدا و بەداخەوە ئاستی خەباتی کرێکاران گەلێک لاوازە، بەڵام هۆی ئەم لاوازیە لەڕوانگەی منەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند شت کە بەگوێرەی توانای خۆم ئاماژەیان پێ دەکەم. هەروەک بۆ خۆتان ئاگادارن بە هۆی ئەو زۆڵمانەی کە دەسەڵاتی ناوەندی لەخەڵکی ئەم ناوچەیەی کرد و یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم زۆڵمانە دەگەڕایەوە بۆ کێشەی نەتەوایەتی، خەڵکی ئەم وڵاتە بەردەوام بۆ نەمانی ئەم چەوسانەوەیە لەسەریان خەباتیان کردوە و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم ناوچەیە لەم بوارەدا گەورەترین و سەرەکیترین ئەرکیان وە ئەستۆ گرت، هەر لەم پێناوەشدا گەلێک قوربانیاندا. بەو هیوایەی کە دونیایەکی باشتر بنیاد بنێن، لەئاکامی ئەو هەوڵانە ڕاپەڕینێک هاتە ئاراوە کە بووە هۆی دەرکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و جۆرە سەربەخۆییەک لەم ناوچەیە مسۆگەرکرا، بەڵام بەهۆی لاوازی ڕەوتی چەپی ئەم کۆمەڵگایە لەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەوکات و بڕیاردان بۆ داهاتوو ئەو چینەی کە زۆرترین ئەرکی ڕاپەڕینی لەئەستۆ بوو، کەمترین پلەی دەسەڵاتی وەرگرت لەو دەسەڵاتەی کە لەئاکامی ڕاپەڕین هاتبووە ئاراوە، و لەو دەسەڵاتەدا زۆرترچینی ناوەندی کۆمەڵگا بەشدار بوو. بەم کورتەیە کە بۆم باسکردن دەمەوێت بڵێم کە چینی کرێکاری ئەم ناوچەیە بەشێکی زۆری تووشی ئەو هەڵەیە بوو کە بەهاتنە سەرکاری دەسەڵاتی نێوخۆیی و نەمانی زۆڵمی نەتەوایەتی کێشەکانی دیکە لەبواری ژیانیدا نامێنێ و هەر لەچاوەڕوانیدا مایەوە و ئەمە لایەکی ماجەرایە، لەلایەکی دیکەوە هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد لاوازی ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیستی ئەم ناوچەیە و کەوتنە پەراوێزیی ئاستی خەباتی ئەم چینەی هێنایە خوارەوە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم لاوازیە لەبزووتنەوەی کرێکاری ئەم ناوچەیە دەبینرێت، هەروەها ئەم ڕاپەڕینە ونەهاتنەدی ئامانجەکانی چینی کرێکارئەم چینەی تووشی بێ هیوایی کردوە کە چالاکی هەڵسووڕاوانی ئەم دەورەیە گەلێک گرانتر کردوە و دژوارتر لەجاران سەرقاڵی بردنە سەرەوەی ئاستی هوشیاری کرێکارانین و ئێستا ئێمە چرپە چرپێک لەبزووتنەوەی کرێکاری دەبینین.

**پ: کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەکگرتنی کرێکارانی ئێراق کامانە؟**

و:لەڕوانگەی مەنەوە نەبوونی ئاستی وشیاری کرێکاران سەبارەت بەمافەکانیان و چۆنیەتی خەبات کردن بۆ وەدی هاتنیان سەرەکیترین کۆسپی سەر ڕێگای خەبات و یەکگرتنیانە، هەروەها نەبوونی یەکگرتن و هەستی یەکگرتووانە لەنێو پێشڕەوانی چینی کرێکاری ئەم وڵاتە کاریگەری هەیە لە یەکنەگرتنی کرێکاران.

**پ: ڕەوتی یەکسانیخواز لەنێو بزووتنەوەی کرێکارانی کوردستانی عێراقدا لە چ ئاستێکدایە؟**

و: ئەوەی ڕاستی بێت هەرچەندە بزووتنەوەی کرێکاری لەم وڵاتە لەئاستێکدایە کەمن بمەوێ ئەم جەناح یان ئەو لایەنی بۆدیاری بکەم، بەڵام هەمیشە جووڵانەوەیەک نەتەنیا لەنێو بزووتنەوەی

کرێکاریدا، بەڵکوو لەسەرجەم بزووتنەوەکان و نارەزایەتیەکانی ئەم وڵاتەدا تەنیا دەنگ و ڕەنگێک کە هاندەر و هەڵسووڕاوی ئەم بوارانەیە ئەوە ڕەوتی یەکسانیخوازی ئەم وڵاتەیە.

**پ: لە عێراق و کوردستانی عێراق هەر وەکوو ئێران و کوردستانی ئێران، کۆمەڵێک ڕێکخراوە و حیزبی جۆراوجۆر هەن کە لە ژێرناوی کۆمۆنیزمی کرێکاری... هەڵسووڕان دەکەن، لەئێران و کوردستانی ئێران، ئەم ڕێکخراوە و حیزبانە تەنیا ناوەکەیان سۆسیالیستی و کرێکاریە، ئەی لە عێراق و کوردستانی عێراق وەزع چۆنە؟**

و: هەروەک لەپرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکرد کۆمەڵێک ڕێکخراوە لەکوردستانی عێراق لەژێر ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەڵسووڕانیان هەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی من لێرە بێم لەسەر جۆری هەڵسووڕانی ئەم جەرەیاناتە قسەبکەم تەنها ئەوەتا پێ بڵێم کە هیچکام لەم جەرەیاناتە نەتەنیا نەیانتوانیوە جێگە وپێگەیەک بۆخۆیان بدۆزنەوە، بەڵکوو زۆرجار بوونەتە کۆسپ لەبەردەم هەرچەشنە یەکگرتنێک کە ئامانجی چینی چەوساوەی لێبکەوێتەوە و زیاتر لەوەی کە بیر لە بزووتنەوەی کرێکاری و کاری وشیارانە بکەنەوە لەم کۆمەڵگایەدا کە باشترین هەل هەیە بۆ کۆمۆنیست کە هەڵسووڕانیان هەبێت ئەمانە بەهۆی سیاسەتی زاڵ بەسەر هەموو باڵەکانیانەوە تەنیا پەرەپێدەری تاقم گەرایین و ئەو هەڵەیانەی کە لەڕابردوو و چ لەئێستادا دەیکەن بەچەندین قات کاری هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی گرانتر کردوە.

**پ:هەسەڵسووڕاوانی چینی کرێکاری کوردستانی ئێراق، بۆ کۆتایی پێهێنانی پرژوبڵاوی لەنێو ڕیزەکانی خۆیان و هەروەها بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگایەکی یەکسان دەبێت چ بکەن؟**

و: پێش هەموو شتێک هەڵسووڕاوانی چینی کرێکاری کوردستانی عێراق سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە کۆسپی سەر ڕێگایان زۆرە بەڵام دەبێت دڵخۆشبن بەوەی کە ئەمرۆکە مەجالی هەڵسووڕانی ئەوان لە هەموو بوارێکدا ڕەخساوە و ئەوان بە دووپات نەکردنەوەی هەڵەی نەوەی ڕابردوو دەتوانن لەهەموو بوارێکدا چالاکانە تواناییەکانی خۆیان بنوێنن، هەروەها هەمووهەڵسووڕاوانی ئەم چینە دەبێت لەپێناو ئامانجەکانی چینی کرێکاردا واز لە تاقمگەرایی(دەستەگەری) بێنن و دەست بدەنە سازکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری، سەردانی شوێنە کرێکاریەکان زیاتر بکەن و پرۆگرامی خۆیان بۆ کرێکاران زیاتر لەهەمیشە ڕوون بکەنەوە و ڕێگاچارەی ڕزگاری یەکجاریان زیاتر بۆ ڕوون بکەنەوە، هۆی نەداری و نەهامەتیەک، سەرەڕای ئەو هەموو تەقالایەنەی کە ئەیدەین و زیاتر بەرمەڵا بکەین، بەوردی سەیری مێژووی خەباتی چینی کریکار بکەن و هەڵەکان دووپات نەکەینەوە و دەستکەوتەکان زیاتر کەینەوە.

٢١ی ئۆکتوبەری ٢٠٠٨